## ستایلە تازەكانی لێو بـ



مۆدەكان بەرەو گۆڕانــكاری و تازەگەری دەچــێ، ئەمــەش لەكاتێكــدا شــێوازەكانی پێشــوو یان مۆدە كلاســیك و كۆنەكان بەرەو گۆڕانكارییەكی بنچینەیی دەچن و هەر یەكە لەجۆرە مۆدەیەكی دیكــە دەردەكەوێ، كاری جوانكاری بۆ لێو، جێگەی گرنگیەو ئەركێكی قورســی دەوێ، ئەمەش لــەو كاتەدا دێ كە بیرۆكەیەك بــۆ جوانی لێوت هەڵدەبژێری، لەو كاتە چەندیــن مۆدە و ڕەنــگ و بۆیە دێتە بیــرت لەوەی چ جۆرە مۆدەیــەك هەڵبژێری، گۆڕانكاری لەمۆدەكانی ماكیاژ و ســتایلی ڕەنگەكانی لێو، لەســاڵی نوێدا بەرەو شــێوازە خەیاڵی و سەرنجڕاكێشــەكان ڕێگەی گرتووە، كاتێك بەنیازی دانانی ســتایلێكی لێوت بی، ســەرەتا دەبێ بیر لەشــێوازی ڕەنگی پێشوو یــان ڕەنگی جۆری ماكیــاژت بكەیتەوە، كە ئــەو ڕەنگەی لێــو دەبێ جیــاوازی تەواوی هەبێ لەگەڵ ڕەنگەكانی دیكەی ماكیاژ یان

## پشتێنە تەنک و ناسکەکان بۆ خانمانی کورد



جلوبەرگی كوردی بەچەندین كەرەســتە و ئێكســـوارەوە دەڕازێنرێتەوە، بەمەش پێویستی بە گشت ئێكسسوارەكان دەبێ كاتێك دەمانــەوێ جوانترین جلــی لێــوە ئامادەبكەیــن، یەكێك لەو ئێكســـوارانەی كــە بەشــێكی جوانی خۆی هەیە، لەناوەڕاستی جەستەوە دەبەســترێ، ئەمەش پشتێنە، جوانــی پشــتێن لەجێگــەی بەســتنەكەیەتی، كە بــەردەوام دەردەكەوێ و لەگەڵ جلەكە جوانی خۆی دەنوێنێ، پشتێنی كچانە یان ئەوەی خانمان دەیپۆشن لەدوو جۆر پێكدێ، یەكێكیان گەورە و ئەستوورە، كە بەشــێكی زۆر لەناوقەد دەگرێ، جــۆری دووەمیش باریــك و تەنكە، وەك مۆدە بەكاردەهێنرێ و بەمانای ئەوەی پشتێنیش لەگەڵ كراسكەدا دەبەسترێ، لەم هەنگاوەدا دەكرێ جوانی پشتێنە باریك و تەنكەكان دەربخەیــن كاتێــك ڕەنگــی پشــتێنەكە هاوڕەنگە لەگەڵ ڕەنگــی كراســەكە، بەمەش دەتوانیــن گەورەترین جوانی ببەخشین بەكراسی كوردی، لەو كاتەی پشــتێنەكانیش كاری گەشــاوەكردنی ستایلی كراس و جەستەی خانمان دەگرنە ئەســتۆ، ئەمــەش وادەكات كــە نزیكتریــن مۆدەكانــی جوانی و پشتێن لەجلی كوردی دابین بكەین.

## نینۆکی بەنەخـ




هەردەم دەستەكان لەبەرزترین خاڵی جوانكاری و مۆدەوە دەبن، ئەمەش بەهۆی چەندین هەنگاوی كاریگەر لەڕێگەی دانانی ڕێگاكانی جوانكاری بۆ دەست و نینۆكەكانی پەنجە، ئەوەی گرنگە جوانی نینۆكی پەنجەكانە، كە هەنگاوی دووەمە لەدوای گرنگی دان و پاراستنی پێستی دەست و مانەوەی بەناسكی و پاك ڕاگرتن، لێرەدا گرنگی نینۆكەكان دێ و كە جێگەی جوانییەكی بەرچاو



## ڕازاندنەوە و هەڵـ

ژووری خانمان و كچانی تازە پێگەیشتوو، دەبێ لەوپەڕی جوانی و ڕازاوەیی بێ، بەتایبەت ئەو كچانەی حەز بەشتی ناسك تایبەت بەخۆیان دەكەن، كە ئەوەش دەبێتە ڕەنگدانەوەی هەڵبژاردنی ستایلی كەرەستە و دیكۆری ژوورەكەیان، كە چ جۆرە كەرەستە و جلوبەرگ و دیكۆرێك دادەنێن، یەكێك لەسەرەكیترین كەرەستەكان لەژووری خانمان، بریتییە لەپێخەفی

## ۆ ساڵی ٢٠١٢



ڕووخسار، چونکە ئەگەر هەمان ڕەنگ بێ، یان ڕەنگەکانیان لەیەکتر نزیك بن، دەبێتە هۆی شێواندنی جوانی ڕووخسار و ماکیاژی دەم و چاو و لێو، بۆیە ئەو ڕەنگانەی لەم ساڵەدا دەبێتە شای ڕەنگەکان بۆ لێو، بریتییە لە: پەمەیی کاڵ و بەبریقە – سوور- قاوەیی تۆخ یان جەرگی- یان مۆدەیەکی دیکەش پەیدا بووە، کە دانانی وردە ئێکسسوارە کە بە(سیم) ناسراوە لەسەر لێو.

## ش مۆدەی تازە بۆ دەستەکان









و دیار لەخۆ دەگرن، مەبەست لەوەش، جوانی نینۆکەکانی پەنجەکان پابەندە بەگرنگی دانی ئەو خانمە بەنینۆکەکان و چۆنیەتی ڕەنگکردن و بۆیە دانان، لێرەدا دەبێ گرنگی بەو جۆرە ڕەنگە بدەین کە لەگەڵ جوانی جلەکان یان ماکیاژ گونجاو بێ، تەنانەت دەکرێ ڕەنگی نینۆکەکان جیاواز بن لەگشت جۆرە ڕەنگەکانی دیکەی وەك جلوبەرگ یان ماکیاژ، بۆ ساڵی تازە و دەرکەوتنی چەندین

مۆدەی تازە لەڕەنگ و نەخش لەسەر نینۆکەکان، بەم دواییە مۆدەکانی بەنەخشی جۆراجۆر و ڕەنگی شیاو و ناسك دەرکەوتووە، کە پسپۆڕانی بواری جوانکاری وای دەبینن ئەو مۆدیە بۆ ساڵی نوێ دەبێتە شیاوترین مۆدە، ئەو مۆدەیەش لەدوو بەش پێکدێ، یەکێك ڕەنگی گشتی نینۆکەکەیە، ئەوەی دیکەش جۆرە نەخشێکە لەسەر نینۆکەکە.





## بژاردنی کەرەستەکانی ژووری خانمان

خەوتن، یان ئەو شت و مەکانەی سەر سیسەمی خەوتن، ئەوەش دەبێتە یەکێك لەهۆکارەکانی جوانی و دیمەنێکی ڕازاوە لەدیکۆری ماڵدا، سیسەمی خانمان یان پێخەفی نووستن، دەبێ بەجوانترین شێواز ئامادەکاری بۆ بکرێ، لەدەستنیشان کردنی کەرەستەکان و شوێنەکە کە گرنگە لە پەنجەرەوە نزیك بێ، بۆ هەڵمژینی هەوای پاك و ئاگاداربوون لەدەرکەوتنی ڕۆژ

لەکاتی بەیانیان، هەروەها دەستنیشانکردنی کەرەستەکانی سەر سیسەم، مەرجێکی سەرەکییە لەڕەنگی جیاواز و سەرنجڕاکێش بێ، هەوڵبدە جێگاکەت نەرم و خۆش بێ بۆ کاتی نووستن و حەسانەوە، سەبارەت بەڕەنگ، دەتوانی ڕەنگێك هەڵبژێری بۆ کەرەستەکان یان دوو ڕەنگی تێکەڵ و بۆ بەتانییە و سەرینگا و دۆشەکی سەر پێخەفەکە.

## مۆم کەرەستەیەک بۆ دیکۆری ماڵ

دیکۆری ماڵەکان، بەگرنگترین شێوازەکانی جوانکاری و ئامادەکاری بۆ مۆدەیەك تایبەت دادەنرێن، مەبەست لەدانانی کەرەستە و دیکۆرە جوانەکان بۆ دیکۆری ماڵ، کە پێویستی بەگشت جۆرە کەرەستەیەك دەبێ، تەنانەت هەندێك لەو کەرەستانە ئەگەرچی گرنگ و سەرەکیش نەبن، بەڵام دەتوانن ڕۆڵی خۆیان ببینن لەجوانکاری دیکۆری ماڵ، بۆیە هەر کەرەستەیەك جۆرێك لەگوزارشت لەجوانی و ڕازاوەیی دەردەخات، یەکێك لەو هەنگاوە جوان و ڕۆمانسیانەی ماڵەکەت پێوەی ڕازاوە دەبێ، دانانی مۆم و مۆمدان، یان ئەو ژێرەوەی کە مۆمی لەسەردا دادەنرێ، مۆم گوزارشت لەدوو جۆرە جوانی دەکات، یەکێکیان کاتێك داگیرساو دەبێ و بەتیشکە جوان و ناسکەکەی ماڵەکەت ڕووناك و گەشاوە دەکات، بەتایبەت شەوانە یان لەهەندێك شوێنی تایبەتی ماڵدا، شێوازی جوانی دووەمیشی بریتییە لەوەی کە خۆی دیمەنێکی جوانی هەیە تەنانەت لەو کاتانەش کە داگیرساو نابێ، ئەمەش بەگوێرەی ئەو ژێرەوەی لەسەری دادەنرێ، یان لەو شوێنەی کە لێوەی دادەنرێ، هەر یەکە لەو دوو ڕێگەیە جوانییەکە بۆ خۆی و کاریگەری گەشاوە دەبێ لەدیکۆری ماڵ.





# ئاگردان !



کوردەواری و ژیانی لادێ و کۆن، بیرۆکە و کاری جوانیان هەبوو، گشت لایەنێکی ژیانیان دابین دەکرد لەڕێگەی بیرکردنەوە لەهەندێ هەنگاو کە بەشێوەیەکی دروست و شیاوەوە کاریان لەسەر دەکرد، یەکێك لەو بیرۆکە جوان و بەسوودانە، ئاگردانە، کە بریتییە لەسوود وەرگرتن لەدار بۆ وەرگرتنی وزە و گەرمایی، ئاگردان بریتییە لەشوێنێکی بچووك کە بۆمەبەستی سووتەمەنی بەکارهێنراوە و تائێستاش لەگوند و لادێکان بەکاردەهێنرێت، ئەمەش بەسووتاندنی کۆڵەکەی دار یان ئەو دارانەی لەشاخەکان دەیانبڕنەوە و دوای وشککردنەوە وەك سەرچاوەیەکی وزە و سووتەمەنی بەکاری دەهێنن، ئاگردان لەچەندین بواردا سوودی لێ بینراوە لەوانە: بۆ خۆ گەرمکردنەوە لەوەرزی زستان، کە سۆپای داری پێدەڵێن و دەخرێتە ناو ستوونێك و دەوراوپشتی کون دەکرێ و لەسەرەوەش بەلوولەیەك دووکەڵەکەی دەچێتە سەربان و بۆ دەرەوە، هەروەها بۆ نان کردن و چێشت لێنان و شیر و ساوار کوڵاندن بەکار دێت، لەناو کوردەواریدا شتێکی بەناوبانگ هەیە ئەویش چای سەر ئاگردانە، نازانرێ هۆی چییە چای سەر ئاگردان ئەوەندە بەتام و جۆشە، تەنانەت ئێستا کاتێك خەڵك دەچنە دەرەوە بۆ گەشتوگوزار، ئاگر دەکەنەوە و دەیکەن بەئاگردانێك بۆ چێشت و گەرم بوونەوە و چای لێنان.

## جوانترین بووک و زاوا!

دوای ئەوەی کوڕ و کچێکی کەم ئەقڵ دەهێنرێنە بەشی چاکسازی دەروونی لەویلایەتی ویکەنسۆنا لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەمەبەستی یارمەتیدان و چارەسەری، هەر یەکە لە(جۆشوا)ی کوڕ و (بیت)ی کچە خەپۆکە دەکەونە داوی خۆشەویستی یەکترەوە و بڕیاری هاوسەرگیری دەدەن، ئەوەی سەیرە کوڕەکە ئەوەندە لاوازە کە بووکە خان دەتوانێ بەمشتەکۆلەیەك لەهۆش خۆی ببات، تەنانەت دوای سازدانی ئاهەنگێکی قەشەنگ نازناوی جوانترین (بووك و زاوا)ی جیهانیان پێبەخشرا، مەبەست لەوەش کە سەرەڕای ئەوەی کەم ئەقڵن، بەڵام ئەقڵیان جوانە بۆ بیرکردنەوە لەهاوسەرگیری.





## تەسریحەیەک لەشێوەی دڵ بۆ ڤالانتاین

خانمان و کچان، بەچەندین تەسریحەی جوان و شایستەوە کار لەسەر جوانکردنی قژیان دەکەن، کەچی لەهەندێ شوێنی ئەو جیهانە، کاری سەیر و سەمەرە بۆ قژەکان ئەنجام دەدرێن، ئەمەش وادەکات کە ببێتە جێگەی سەرسوڕمانی کەسانی دیکە، زوومی کامێراکانیش ئەمڕۆ لەگشت شوێنێکدا کاری خۆیان دەکەن و ئەو چەند حاڵەتەیان بەرچاو کەوتووە، یەکێکیان کچێکە قژی کردۆتە شێوەی دڵ وەك پێشوازییەك لەڕۆژی ڤالانتاین کە دەکاتە ڕۆژی (١٤-٢)ی هەموو ساڵێك، ئەویش بڕیاری داوە کە ماوەی مانگێك بەر لەڕۆژی ڤالانتاین تا ئەو ڕۆژە تەسریحەی قژی لەشێوە دڵەکەوە نەگۆڕێ و بیهێڵێتەوە، تەنانەت چەندین وێنەی تەسریحەی سەیریش بینراوە و خۆتان لەوێنەکاندا ببینن.

# ئەحمەداوە سەیرانگا سروشتی و دڵڕفێنەکە





کوردستان بەســـەیرانگا و شاخەکانیەوە بەناوبانگە، بەهەشـــتێکە بۆ گەشتوگوزار و ســـەرچاوەیەکی خۆشـــی و بەســـەربردنی کاتێکی خۆشە لەشوێنە گەشتیاری و ســـەرچاوە ئاوی و گەشتیارییەکان، تەنانەت هەزارەها شـــوێن هەیە کە لەسروشتدا وەك سەیرانگایەکی گەشتیاری وایە، بەبێ ئەوەی کاری گەشتیاری لەســـەر بکرێ، نموونەش: سەیرانگای ئەحمەداوەیە لەگوندی ئەحمەداوەی سەر بەپارێزگای ســـلێمانی، ئەو سەیرانگایە دەکەوێتە دووری (٧٥) کیلۆمەتر لەڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی و دەکەوێتە ســـەر سنووری نێوان کوردســـتان و ئێران، بەرزایی لەسەر ئاســـتی دەریاوە دەگاتە (٢٠٠٠) مەتر، کە شـــوێنگەی ناوەڕاســـتی زنجیرە چیایەکی بەرزە، ئەحمەداوە بەبوونی سەرچاوە ئاوییەکان ناسراوە، کە کانگایەکە لەئاوی سروشتی و بەتامێکی شیرین و سپی ئاوەکانی لەگەرووی چیاکانەوە دێتە خوارەوە، لەو شـــوێنە چەندین خانوو هەن کە لەبەرد دروست کراون، دیمەنێکی ئاســـەوار و کۆنی پێوە دیارە، کە بەگوندی ئەحمەداوە ناسراوە و ئەو سەیرانگایە جگە لەبوونـــی ئاوێکی پاك و بێگەرد، هەروەها چەندین دار و بەروبوومی سروشـــتی وەك: هەنار و هەنجیر لەم شـــوێنە خۆشـــەدا دەبینرێن کە بەشـــێوەیەکی سروشـــتی دەڕوێن، لەگەڵ ئەوەشـــدا بە خۆشترین سەیرانگاکان دادەنرێ لەسنووری شاری سلێمانی و ساڵانە خەڵك لەگشت شارەکان ڕوو لەو سەیرانگایە خۆشە دەکەن.



# ئافرەتێک (١١) منداڵی بوو




# جلوبەرگ بەسەوزە!



لەتازەترین کارەکانی نمایشـــی جلوبەرگ بۆ ســـاڵی ٢٠١٢، کە سەیرترین نمایش بوو لەوڵاتـــی مالیزیا ئەنجام درا و نمایشـــەکە تایبـــەت بـــوو بەتێکەڵکردنـــی جلوبەرگ لەگەڵ ســـەوزە و میوەدا، هـــەر خانمێکی نمایشکار کۆمەڵە سەوزەیەکی بەجلەکەیەوە خســـتبوو بۆ نمایشـــکردن، تەنانـــەت بووە جێگەی ســـەرنجی ئامادەبووانی نمایشەکە و دەزگا ڕاگەیاندنەکانـــی جیهان، ئەوەی ســـەیر بێ نمایشـــکارەکان کاتێك دەهاتنە ســـەر تەختەی نمایش، پێکەنینیان دەهات بەجلەکانیانـــەوە و جەماوەریش لەو پێکەنینە نەدەگەیشتن، چونکە لەنمایشی جلوبەرگدا نابێ نمایشکار پێبکەنێ بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵك بۆ خۆی ڕانەکێشێ و تا زیاتر خەڵك سەیری جلەکان بکەن.






ئا: فەرهاد محەمەد نازگەیی

## کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩




لەبواری سۆزدارییەوە کەمێك نائومێد دەبیت و هەست دەکەیت لەیەکگەیشتن لەبواری کۆمەڵایەتی و خێزانییەوە ئاسان نییەو لەدڵەڕاوکێیدا دەژیت.

## گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠




بەساتێکی دژواردا تێپەڕدەبیت و هەست بە دڵەڕاوکێ دەکەیت، ڕەنگە لەگەڵ خۆشەویستەکەتدا ڕووبەڕوو ببیتەوە یان کۆسپێکت بێتە بەردەم.

## دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠



دەستکەوتەکانت باشتر دەبن و هەست بە جموجۆلی زیاتر دەکەیت، لەوانەیە ژیانی سۆزداری وات لێبکات کە هەست بە شادی و کامەرانی زۆرتر بکەیت.

## قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢




هەست بەدڵ توندی و نارەحەتی دەکەیت، سەبارەت بەخزمێك یان دۆستێك پەرێشان دەبیت و دەکەویتە دڵەڕاوکێ، باری سۆزداریشت زۆر باش نابێت

## شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢




ڕووداوەکان دڵت خۆش دەکەن، ئاسۆی سۆزداریشت دەگەشێتەوە و بەخت لەکاروبارەکان هاوکاریت دەکات، گۆڕانکاریش لەبەرنامەی ژیانت دەکەن.

## گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢



لەپەیوەندی سۆزداری وریابەو ئاگاداری خۆتبە، لەوانەیە لێکدابڕان یان ناکۆکییەك سەرهەڵبدات کە ببێتە هۆی دڵەڕاوکێت.

## مردن و ژیان وەکو یەکە!



فەیلەسوفی یۆنانی (ئەرستۆ) هەمیشە دەیگوت مردن و ژیان یەکسانن...

ڕۆژێک یەکێک پێی دەڵێت ئەی کەواتە بۆ خۆت ناکوژیت ئەگەر یەکسانن؟

ئەرستۆ لەوەڵامدا دەڵێت: ئەی گەمژە من وتوومە یەکسانن، نەم وتووە مردن خۆشترە تا خۆمی بۆ بکوژم.

## وێنەی جیاواز و خاڵی هاوبەش

**بۆ زانینی ئاستی زیرەکی مێشك لەماوەی (٢) خولەکدا چەند خاڵێکی هاوبەش لە نێوان خاڵە جیاوازییەکاندا بدۆزەرەوە**



## بۆ زاخاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (منارە) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ژمارەیەکە جارانی خۆی بکەین دەبێت بە (٩)
- پیتی خانەکانی (١+٤+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (بەشێکە لە جەستەی مرۆڤ، مێشکی تێدایە)
- پیتی خانەکانی (٥+٤+٣) کۆبکەیتەوە بە مانای (پەروەردگار بە زمانی عەرەبی)
- پیتی خانەکانی (٥+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ناوێکە دیکە بۆ ڕێگا)



## ئاسۆیی:

١- دایکی کوردان خاوەن وێنەکە
٢- یاریزانێکی ئەڵمانی یە(پ)- فەیلەسوفێکی یۆنانیە
٣- بۆ- جۆرە (گۆرانییەکە- سێو(ت).
٤- وڵاتێکی ئەوروپییە(پ)- گۆڵچی هەڵبژاردەی فەرەنسی بوو.
٥- مالی (ت)- کلۆرایدسیۆم- نەخۆشیەکە
٦- بەشێکە لەسەر-دبی (ت).
٧- جۆرە بڕوانامەیەکە- سێ پیتی بیارە.
٨- شارێکە لە فەلەستینی- گۆرانی بێژێکی فارسە(پ).
٩- نەخۆشیەکە- ناوچە(پ)- راز(ت).
١٠- پایتەختی وڵاتێکی عەرەبیە(پ)- کچە گۆرانی بێژێکی عەرەبە(پ).
١١- شوێنی خوێندنی فەقێ- وەکو یەك.
١٢- شاعێرێکی تورك بوو.

## ستوونی:


١- ناوێکی کچانە- ئەشکەوتێکە لە کوردستان.
٢- بیدۆزەرەوە لە زاوێتە- کراوە.
٣- نادیار(پ) — پێداویستێکی ئەندازاریە(پ).
٤- گۆرانی بێژێی کوردبوو(پ).
٥- شارێکە لە سعودیە(پ)- فریشتە(پ).
٦- پیتێکی ئینگلیزیە.
٧- ناوێکی کوڕانە(پ)- فریشتە(پ).
٨- گۆرانی بێژێکی کوردە(پ).
٩- دوو پیتی تارا- ناوێکی کوڕانە.
١٠- ڕێك- لە خواردن دەکرێت.
١١- جۆرە ئۆتۆمبێلیکە(پ)- هوشیار.
١٢- شاعیرێکی فارس بوو(پ).

## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی ناوی پارکێکی گەورەی کوردستانت بۆت بۆ دەربچێ .

ا  ێ  ی  ز  د

وەڵامی ژمارەی پێشوو (کفتە)



## نوکتە

- ژنێکی زۆر ڕەزیل پێنج هەزار دینار دەدات بەمنداڵەکەی بۆ ئەوەی بچێت شت بکڕێت. لەڕێگادا منداڵەکە باوکی ئەبینێت کە ئۆتۆمبێل لێی دەدات، بۆیە بەڕاکردن ئەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە و هاوار ئەکات:

دایە، دایە باوکم ئۆتۆمبێل لێی دا...

دایکشی دەڵێت: ڕۆحم چوو وامزانی پێنج هەزارەکەت ون کردووە.

## دیوانە شیعر




**حەمدی شاعیر دەڵێ:**

شەوی هیجرە دڵم زامار و مەحزوون
دەروونم ئاگری بەردایە گەردوون
نەماوە ڕاحەت و ئەقڵ و سەبر، چوون
لە تەنیایی بە یادی ڕۆحی مەجنوون
خەیاڵی گەشتی دەشت و دەرمە ئەمشەو
لە سەر عەقڵ و لە دڵ ڕاحەت کە دەرچن
ئیتر نامێنی فەرقی ژین و مردن
حەقی وایە کە عاشق دەربەدەر بن
ئەگەر چی یار و یاوەر بوون بە دوژمن
غەمی بێ یاوەری یاوەرمە ئەمشەو
ڕەقیب و ناحەزت مەسروور و خەندان
ڕەفیق و دۆستانت مات و حەیران
منیش سووتاوە جەرگم بووە بە بریان
دڵم وەک حاکمی مەعزولە قوربان
تەمای سەنعاتەکەی ئازەرمە ئەمشەو
بە کوشتن عاشقانت کرد سەرفراز
منت هەر هێشتەوە بۆ عیشوە و ناز
وەکو کەو خۆی دەکا حەمدی فیدات باز
سەرم شۆڕی ویساڵت کەوتە سەر باز
دیسان کوردی کە دەردی سەرمە ئەمشەو


**س: ئەستێرەکانی شیعری کلاسیک**

## تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢




لەپەیوەندییەکانت چارەسەری هەندێك ناکۆکی و کێشە دەکەیت، گەشتێك دەکەیت یاخود بەشداری چالاکییەك دەکەیت و فشارەکانیش کەم دەبنەوە.

## دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١



ئارام بەو بە بارودۆخی ژیانتدا بچۆرەوە شتەکان ئەوەندە گەورەو مەکەو پەلەشت نەبێت لە گەیشتن بەهیواو ئاواتەکانت، هیواو ئاواتەکانت نزیکن.

## کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١




بەدوای پرۆژەی گوماناوی مەکەوە، هەر کارێکی بەرەو ڕووتی دەکەنەوە لێی دڵنیابە ئینجا جێبەجێی بکە، ئەگینا لەوانەیە تووشی زیان بیت، دەبێت زۆر ئاگاداری خۆت بی.

## گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩




گرفتەکان چارەسەر دەکەیت و هەست بە چالاکییەکی زۆر دەکەیت، لەهەمان کاتیشدا توانات لەتێگەیشتنی ڕووداوەکانی دەوروبەر زیاد دەبێت.

## گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨



ئەمڕۆ کەسێك پەیوەندیت پێوە دەکات، کە ماوەیەکی زۆرە نەتبینیوە، دڵت پێ خۆش دەبێت، بەڵام بەدیداری ناگەیت

## نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠



بەقووڵی لەبابەتەکان ڕلبمێنەو ئاگاداری تەندروستیشت بە، پێش جێبەجێکردنی هەر پڕۆژەیەك باش بیری لێبکەوەو بیروڕای دۆستانیشت وەربگرە.

## مانای شتەکان لە خەون

**خورما :** بینینی خورما لە خەودا باران بارینە خواردنیشی دەستکەوتێکی حەڵاڵە و بەڵام تەنها بۆ خۆیەتی، هەروەها قورئان خوێندنە، خورمای شاردراوە پارەیکی هەڵگیراوە، ئەو کەسەی لە خەودا خەرابترین جۆری خورما بخوات ئەوە کەسێکی باش نی یە، لێکردنەوەی خورما لە کاتی خۆی دا ئەوە ژن هێنانەو ئافرەتەکەش دەوڵەمەندە، یان ئەو کەسە بێ هەوڵدان پارەی دەست دەکەوێ، ئەتوانین بلێین خورما لە خەودا زانستە، ئەگەر یەکێك خورمایەك بکاتە دوو بەش و ناوکەکەی دەربهێنێ ئەو کەسە کوڕی ئەبێت.

سەرچاوە: خەوننامە!